# وێنا جیاوازەکان لە فەزای (سڵاو لە بیکێت)

بڵند باجەلان

**سەرەتا:**

(سڵاو لە بیکێت)، ناوونیشانی دەقێکی (داستان بەرزان)ـە کە تێیدا شاعیر بەرەو کۆمەڵێک وێنای جیاوازی شیعری ئاراستەمان دەکات، کۆمەڵێک وێنا کە سەر بە فەزای جیاوازن، لەنێو فەزای دەقەکەدا جێگەیان دەبێتەوە.

لە شیعرەکەدا گەڕانەوە بۆ ئەو هەستانەی لە ژیانەوە جێ دەمێنن، بە خەیاڵی گەیشتن بە مردنێک کە لەوەیە نزیک بێت، دەبینین. وێناکان تا سنووری گەیشتن بەو وێنایەی، گەیشتن پێی بەستراوەتەوە بە سنوورە ترازاوەکانی نیشتمانەوە بەردەوام دەبن، چونکە کۆی دەقەکە کارکردنە لەنێو ئازار و سەفەرە لە ئازارێکەوە بەرەو ئازارێکی تر، ئەوە لە سێبەری بەشێک لە دیدگەکانی (فریدریک نیتشە)دا (١)، قسە لەسەر شیعرەکە دەکەین.

**پاژی یەکەم: ئەڵماسەکانی نێو جیهانێکی تاریک**

گوزارشتکردن لە دنیایەکی تاریک کە ناخمان پڕ دەکات لە تاریکی و نیگا و هەستیشمان بە هەمان شێوە، وەک (دنیای هەبوو)ی نێو شیعرەکە قسەی لەسەر کراوە، بۆیە شاعیر بەردەوام دەیەوێ لەم دنیایە ڕابکات، ڕاکردنێک کە دەرەنجامی هەمان ئەو ململانێیەیە لە ئاستی ژیاندا دەیکات.

**( (ئەڵماسەکان لە ناومدا**
**دەجوڵێنەوە و**
**گەشە دەکەن**
**ڕێگرییان لێدەکەم نەدرەوشێنەوە**
**پەرش نەبن**
**نەشکێن**
**نەتوێنەوە**
**لە جیهانێکدا کە تاریکە.))**


ئەو بەهایەی لە ناخی شاعیردا هەستی پێکرا، هەمان ئەو ئەڵماسەیە کە پێویستی بە جۆرێک لە پارێزگاریی خودی هەیە، واتە ئەوە شاعیرە دەبێت لە ئاستی ئەو هەموو تاریکییە مەزنە، پارێزگاری لەو ئەڵماسە تاقانەیە بکات کە وزەی بەردەوامیی خودە و بە نەمانی، (خودێکی تەنیا و بێهێز) دەبێتە چەق، بە ئامانجی دوورکەوتنەوە لەو مەترسییە گەورەیەی تاریکی و هاتنی تاریکیی مەزن، دەبێتە پارێزەر و پاسەوانی ئەڵماسەکەی

ناخی.

ئەم ململانێییە لەگەڵ ژیان و تاریکی، فەزایەکی بەرفراوانی فەلسەفەی (نیتشە) دەگرێتەوە. (نیتشە) شەرابی نەدەخواردەوە و گەورەیی بە ئازارەوە دەبەستەوە، واتە ئەوانەی لە ڕێگەی شەراب و ڕاکردنەوە خۆیان دەخەنە نێو دۆخی نائاگایی، چیتر گەورە نین، بۆیە بەرکەوتن بە ئازار وەک پێویستی دەبینرێ کە ئەمەش پێچەوانەی دیدگەی (شۆپنهاوەر)ـە (٢)، بەڵام پێوەندی (نیتشە) لەگەڵ ڕاستی، وەک پێوەندی (مارتن لۆتەر) (٣) نەبوو لەگەڵ (ئیمانی ئایدۆلۆژی) سنووردار نەبوو، ئاستە جیاوازەکانی دەگرتەوە، هەر ئەم دیدگەیەیە وا دەکات لای (نیتشە) بەزەیی بکەوێتە نێو قاڵبی خراپەوە، کاتێک تۆ بەزەییت بە مندا دێتەوە، لەبەر ئەوە نییە خۆشت دەوێم، بەڵکوو لەوە دەترسی ئەوەی بەسەر من هاتووە، بەسەر تۆش بێت، لە ڕێگەی نیشاندانی بەزەییەوە، ئەو ترسە لە خۆت دووردەخەیتەوە.

شاعیر لە شیعرەکەدا بەردەوام فێری ئەوەمان دەکات، سەر بە ئازارێکی دیاریکراو نەبین، دۆخە جیاوازەکانی ئازار تاقی بکەینەوە و خۆمان ئالوودەی یەک جۆری ئازار نەکەین کە ئەمەش بەشێکە لەو دنیایەی لەنێو شیعرەکەدا مانیفێست دەبێت و دنیای ئەو ئازارە هەمیشەییانەیە، ناخمان داگیر دەکەن و ڕوحمان ئاوێزانی گوناهەکانی ئینسان دەکەن. پارێزگاریکردنی خود لە ناخ و ئەڵماسەکەی کە فاکتەری مانەوەیەتی، دیسانەوە دەمانبەنەوە بۆ ئەو شەقامانەی پڕن لە ئازار، لە ئازارە گەورەکانی نیشتمانەوە تا ئازارە سەرابییەکانی شیعر، لە ئازارە هەمیشەییەکانی سووتانی باخچەوە، تا ئازارە سوورەکانی مردنی گوڵ، ئەو وەک چۆلەکەیەک کە سووتان ناسنامەی وجدی بێت، دەیەوێت فێری وانە جیاوازەکانی ژیانمان بکات.

**((گرانە لە ماڵەکەمدا کەسێک هەبێت بیری بکەم**



**داستان بەرزان**

**کەسێک هەبێت لە دڵمدا**
**کەسێک لە ماڵەکەیدا بیرم بکات)).**
**((من تاکە مرۆڤم**
**پێکەوە دۆست و دوژمن**
**دەبێت لە دەستیان ڕابکەم**
**من ئەو نەفرەتەم ئەی دڵ**
**ئەو نەفرەتە!))**

تەنیایی شاعیر بە ئاشکرا هەستی پێ دەکرێ. شاعیری تەنیا، تەنیایی خۆی بە بیرکردنەوەوە دەبەستێتەوە، واتە مادام کەسێک نییە شاعیر بیری بکات، یان ئەو بیری شاعیر بکات، کەواتە شاعیر تەنیایە، تەنیایەک کە نابەختەوەری بە شوێن خۆیدا دەهێنێ، چونکە هەمیشە ئەوانەی یادمان دەکەن و بیرمان لێ دەکەنەوە، دەبنە هۆکاری بەختەوەریمان. وەک (ئەرستۆ) دەڵێت: بەختەوەری ئامانجی یەکەمی کردارەکانمانە، وەلێ لەو سیاقەدا بەختەوەری بە بیرکردنەوەوە بەستراوەتەوە، مادام کەسێک نییە بیری بکەین و کەسێک نییە بیرمان بکات، کەواتە ئەو خودەی لە دەرەوەی مندا بوونی هەیە، من نییە، بەڵکوو

سێبەرێکە دەیەوێ لەسەر شانۆی ژیان ڕۆڵی من ببینێ، ئەگینا ئەوە خود نییە کە بەختەوەرە.

(نیتشە) کاتێک تووشی نەخۆشییەک دەبێت، بۆ خوشکەکەی دەنووسێت: هیچ قەشەیەک نەیەتە سەر گۆڕەکەم، دواتر کە لەو نەخۆشییە چاک دەبێتەوە، وێستگەیەکی تری تەنیایی (نیتشە) دێت، ئەو کاتەی خۆشەویستترین هاوڕێی کە (واگنەر)ـە تەنیای دەکات و لە (بەیرووت) کۆنسێرتگەلێک ساز دەکات کە گوزارشتن لە پیرۆزییەکانی مەسیحیەت، چونکە (نیتشە) ئەگەرچی ئەخلاقیاتی مەسیحی قەبووڵ بوو، بەڵام تەواو دژی سیفەتە خوداییەکانی ئەو بوو، پێی وابوو (پۆڵس) بنیادنەری مەسیحیەتە، هەر ئەمەش وای دەکرد بڵێت: شەراب و مەسیحیەت یەک سەرچاوە کۆیان دەکاتەوە ئەویشیان بێهۆشکردنی خەڵکە، بۆیە کاتێک (واگنەر) جارێکی تر باوەش بۆ مەسیحیەت دەکاتەوە، (نیتشە) ڕادەستی تەنیایی دەکات.

تەنیایی هەمیشە نمایشی ئازار دەکات، وەلێ زۆرجار مرۆی تەنیا چێژ لەو ئازارانەی تەنیایی دەبینێ و خۆی جوانتر دەناسێ و کۆمەڵگە و ئەوی تر باشتر دەناسێ، ئەو ناسینە تا ئەستانەی ناسینی خودا درێژ دەبێتەوە و لەڕێگەی تەنیاییەوە، خودایەکی تەنیا دەناسێ.

شاعیر لەم دەقەدا، دوو باڵمان پێ دەدا، کە بەردەوام سۆراخی کەسە تەنیاکانی پێ بکەین، بەجۆرێک ئەوەندە خەیاڵمان دەبات بۆ لای ئەوی تری تەنیا، زۆرجار تەنیاییە جەوهەرییەکە کە تەنیایی شاعیرە، دەبێتە دووڕیانی گەیشتن و نەگەیشتن، گەیشتن بەو خۆشییانەی ژیان لە باغی نەستدا دەیانچێنێ، نەگەیشتن بەو نێرگزەی مردن لە ماڵی حەقیقەت و ئەبەدیەتدا دەیچێنێ، بۆیە لە دەقەکەدا لەپاڵ نمایشی دیوە سەرابییەکەی ژیان، پێناسەیەکی دیکە بۆ مردنیش دێت، واتە کاتێک مردن دێت، تەنیایی دێت، کاتێکیش تەنیایی دێت، ئەو دیوە سەرابییەی ژیان کە باسمان کرد، چیتر ناتوانێ نمایش بکات.

**((شتێک فریای مرۆڤ بکەوێت**
**تەنەکەیەک ڕۆنی بەتاڵ**
**تاتەشۆرێک/ سندووقێک لم/ ئیسپانەیەک/ بەلۆعەیەک**
**مۆبایلێک / کەرەڤانەیەک/ پارەیەکی دڕاو**
**فریای مرۆڤ بکەوێت**
**فریای خۆی بکەوێت مرۆڤ**
**شتێک فریای مرۆڤ بکەوێت))**

لەم پارچە شیعرەدا هەڵەیەکی زمانەوانی هەیە، دەبوو شاعیر بڵێت: تەنەکەیەکی بەتاڵی ڕۆن، چونکە ئەوەی بەتاڵە تەنەکەکەیە، نەک ڕۆنەکە. بە هەر حاڵ دەقەکە بەدوای فریادڕەسێکدا دەگەڕێ، دەستی ئینسان بگرێ و بە بەهاکانی مرۆڤبوونی شادبکاتەوە، باوەش بە مرۆڤدا بکات و بیکاتەوە بە مرۆڤ، ئەوجا ئەو فریادڕەسە تەنەکەیەکی بەتاڵی ڕۆن بێت، یان مۆبایلێک، یان کەرەڤانەیەک، یان هەر شتێک کە دەتوانێ فریای مرۆڤ بکەوێ. دوایین شت کە شاعیر وەک فریادڕەسی مرۆڤ دەیبینێ، مرۆڤە، واتە مرۆڤ کۆتا شتە ئومێدی ئەوەمان پێی بێت بتوانێ مرۆڤ ڕزگار بکات.

ئەم ڕیزبەندییە پەیژەییەی لە شیعرەکەدا هاتووە، دیوێکی ئیستێتیکی دەقەکەمان بۆ بەیان دەکات کە گوزارشتی وشەکانە لە مێژوویەک کە مێژووی مرۆڤە و ئێستا و داهاتوویەک کە هی مرۆڤە.

ئەوەی شیعرەکە دەیڵێ ئەوەیە کە: زۆرینەی مرۆڤەکان جێگەی ئومێد نین، بەڵکوو پێویستە شەقام و کۆڵان و خانووەکان تەی بکەین بۆ ئەوەی مرۆڤێک بدۆزینەوە، کە بۆ مرۆڤێکی تر کەڵکی هەبێت.

(نیتشە) بەردەوام کێشەی لەگەڵ زۆرینە هەبوو، بگرە کێشەی گەورەی (نیتشە) کێشەبوو لەگەڵ دیموکراسییەت، بە درۆی دەبینی و پێی وابوو دەوڵەتێک کە بێهێزەکان پێکیان هێناوە،

بەهێزەکانیان کۆت و زنجیر کردووە، بەڵام کەسی بەهێز شەهوەتی لەناو نابات، بەڵکوو ڕێکی دەخات، ئەم گرفتەش لە (وەهای گوت زەردەشت)دا زیاتر دەردەکەوێ. کتێبەکە لە چوار بەش پێک دێت و بە دەربڕینێکی شاعیرانە نووسراوە، تێیدا کار بۆ تێکشکاندنی خاچ کراوە. بە کورتی: (زەردەشت) دوای دە ساڵ لە گۆشەگیری لە ئەشکەوت دێتە دەرەوە و باوەڕی بەو خودایە نەماوە مەسیحیەت باسی دەکات، لێرەوە دنیای مرۆڤی باڵامان پێ دەناسێنێ.

ئەو تەنیاییەی شاعیر تووشی بووە، پێویستی بە کەسی دووەمی قسەکەرە، کە ببێت بە سێبەرێک و شوێنی شاعیر بکەوێ، بەڵام شاعیر نایەوێت سێبەرەکەی هی خۆی بێت، یان هی هیچ مرۆڤێکی تر، لەبەر خراپەی زۆری مرۆڤ، دەیەوێ سێبەرەکەی هی مۆبایلێک، یان بەلۆعەیەک، یان ئیسپانەیەک بێت.

ئەو کاتەی نامۆبوونی مرۆڤ دەبێتە شتێکی ئاسایی، خود دێت لەنێو ئەو بازنەی نامۆییەدا، بە قەڵەمی وجوود، وێنەی مردن و بە قەڵەمی مردن وێنەی ژیان دەکێشێ، تازە کە لە دیدگەی ئەودا درەنگە بۆ ئەوەی فریادڕەسێکی زەمینی بێت، ئەوە ئیتر دنیای زەمین چیتر دنیای هاتنی فریادڕەسەکان نییە، بۆیە بەشوێن کەسێکی تر و دنیایەکی تردا دەگەڕێت، بێجگە لە زەوی و مرۆڤ کە لە تەنیایی دووری بخەنەوە، تەنیاییەک کە نەبێتە وێستگەی دابەزین لە نیشتمانی تەنیاییەکی باڵادا، بۆیە چون گەڕیدەیەک نمایشی خۆی دەکات!

**پاژی دووەم: ستەمی مرۆڤ لە مرۆڤ و هاتنی خیانەت!**

شاعیر درێژە بە ناساندنێکی دیکەی مرۆڤ دەدات. ئەوەی مرۆڤ بە مرۆڤ دەناسێنێ، خودی مرۆڤە، بۆیە هەر ئەو خودە زۆرجار خیانەت لە بەهاکانی مرۆڤبوون دەکات و ناسنامە و پێناسەیەک بە مرۆڤ دەبەخشێ، کە هی مرۆڤ نییە، ئەگینا مرۆڤ بۆ دەبێت خیانەتکار بێت؟!

**((جیهانی من جیهانی دیکەی زۆری تیایە**
**ماندوونابێت لە دروستکردنی بۆشایی**
**بەرلەوەی گەردوون بخنکێت**
**بەرلەوەی گەردوون بتوێتەوە.))**

دۆزینەوەی دەرچەیەک کە شاعیر بە ئومێدەکەوە پەیوەست دەکات، لە دەرەنجامی ئەو گەشت و گەڕانە خێرایەوەیە بە ناخی خۆیدا دەیکات، دۆزینەوەی جیهانێک لەنێو زیهن و ڕوحی شاعیردا کە دابڕن لەو دنیایەی مرۆڤەکان ئاوێزانی بوون، باسیان کراوە، بۆیە دەیەوێت وەک واقیع مامەڵە لەگەڵ دنیا تازە دۆزراوەکەی نێو ناخی بکات و وەک خەیاڵ مامەڵە لەگەڵ دنیا هەبووەکەی دەرەوەی خۆی بکات، ئەگەرچی لە ڕووکەشدا دنیای دەرەوە دنیای واقیعە و دنیای ناوەوە دنیای خەیاڵ، وەلێ هەمیشە حەقیقەت لە قوڵاییدا هەیە، نەک لە ڕووکەش و بۆشاییدا. ئەو بۆشاییە گەورەیەی خود دەرکی پێ دەکات، ئێستا گەردوونێکی تر دێت و پڕی دەکاتەوە، گەردوونێک لە ناخی ئەو خودەوە لەدایک دەبێت و تا سنووری ئاسمان ئیدامە بە وجوودی خۆی دەدات، بۆیە هێندە دڵنیایە لەو گەردوونەی ناخی، وەک دنیای قەبووڵکراوی خۆی پێمانی دەناسێنێ، نەک جیهانێک کە نەتوانرێ مامەڵەی لەگەڵ بکرێ.

بۆ دۆزینەوەی ئەو جیهانە، شاعیر دەیویست کەسێک ببێت بە هاوڕێی، ئێستا کە نائومێدە لە هاتنی ئەو کەسە، ناچار هانا بۆ خۆی دەبات و لەنێو قوڵاییەکانی خۆیدا بە تەنیا ئەو جیهانە دەدۆزێتەوە، کاتێک دەزانێ ئەو کەسەی بڕیاربوو هاوڕێی ئەو گەشتەی بێت و لەو شۆڕشەیدا لەگەڵی بێت، ئیتر نایەت.

(نیتشە) بەردەوام (واگنەر)ی هاوڕێی کردبوو بەو کەسەی، لە بابەتی گەڕانی بەدوای حەقیقەتدا

هاوده‌می بێت، ئه‌گه‌رچی سه‌ره‌تا هه‌ردووکیان له‌ژێر کاریگه‌ری فه‌لسه‌فه‌ی (شۆپنهاوه‌ر) بوون، به‌ڵام کاتێک بارودۆخی (واگنه‌ر)ی له‌ (به‌یرووت) بینی، زانی که‌ چیتر هاوڕێکه‌ی ناتوانێ له‌و شۆڕشه‌ ئه‌خلاقییه‌ی باسی ده‌کرد، هاوده‌می بێت، بۆیه‌ له‌ کاتی سه‌ره‌مه‌رگی (واگنه‌ر)دا، (نیتشه‌) کتێبی (وه‌های گوت زه‌رده‌شت)ی بۆ نووسی، به‌ڵام (واگنه‌ر) فریا نه‌که‌وت بیخوێنێته‌وه‌، له‌ کاتی شێتبوونیدا هێشتا (نیتشه‌) به‌ هاوڕێکه‌ی ده‌گوت: ڕۆژانێک من ئه‌و پیاوه‌م خۆش ده‌ویست. هاوڕێکه‌ی چیتر نه‌بوو به‌ هاوده‌می شۆڕشی.

ئێمه‌ لێره‌دا نامانه‌وێ دیدگه‌ی یه‌کێک له‌م دووانه‌ به‌سه‌ر ئه‌وه‌ی تردا بسه‌پێنین، له‌وه‌یه‌ دیدگه‌ی ئێمه‌ وه‌ک دیدگه‌ی سێیه‌م ده‌رکه‌وێ که‌ ده‌که‌وێته‌ ده‌ره‌وه‌ی هه‌ردوو دیدگه‌که‌، زیاتر مه‌به‌ستمانه‌ جه‌خت له‌سه‌ر ئه‌و پێوه‌ندییه‌ بکه‌ینه‌وه‌، که‌سێک به‌ دۆسته‌وه‌ ده‌به‌ستێته‌وه‌. ئه‌و کاته‌ی مرۆڤ له‌ هاوڕێکه‌ی جیاده‌بێته‌وه‌، ئه‌وه‌ ڕووبه‌ڕووی دووڕیانێکی ده‌کاته‌وه‌، ئه‌گه‌ر دنیایه‌کی پێ ببه‌خشێ جوانتر له‌و دنیای پێشووتر به‌یه‌که‌وه‌ کێشاویانه‌، ئه‌وه‌ کارێک ده‌کات ده‌که‌وێته‌ نێو بازنه‌ی چاکه‌وه‌، خۆ ئه‌گه‌ر کارێک بکات که‌ جێهێشتنی ئه‌و به‌ واتای خۆشاردنه‌وه‌ و لای ئه‌و نه‌مانی بێت، ئه‌وه‌ ئه‌و خۆشاردنه‌وه‌یه‌ ده‌که‌وێته‌ نێو بازنه‌ی خراپه‌وه‌، بۆیه‌ ئه‌و (دۆسته‌ بکوژ)ـه‌ که‌ له‌ ڕووکه‌شدا وه‌ک فریادڕه‌س هات، ئێستا ڕۆڵی جه‌للاد ده‌بینێ.

**(( من تاکه‌ مرۆڤم**
**پێکه‌وه‌ دۆست و دوژمن**
**ده‌بێت له‌ ده‌ستیان ڕابکه‌م**
**من ئه‌و نه‌فره‌ته‌م ئه‌ی دڵ**
**ئه‌و نه‌فره‌ته‌!))**

له‌ پاژی یه‌که‌مدا، له‌باره‌ی ئه‌م پارچه‌ شیعره‌وه‌ قسه‌مان کرد، ده‌توانین له‌م پاژه‌شدا له‌ ڕوانگه‌یه‌کی دیکه‌وه‌ باسی بکه‌ین. خیانه‌تی دۆست، ترسناکترین جۆری خیانه‌ته‌، خیانه‌تێک هێنده‌ به‌ ئازاره‌، فریای ئه‌وه‌ ناکه‌وین پارچه‌ شکاوه‌کانی دڵمان کۆبکه‌ینه‌وه‌، فریای ئه‌وه‌ ناکه‌وین به‌ دۆست بڵێین: ئه‌ی دوژمن بۆچی ئاوات کرد؟! فریای ئه‌وه‌ ناکه‌وین دنیا به‌ بۆیه‌ی سپی ڕه‌نگ بکه‌ین و سڵاو له‌ ئاشتی بکه‌ین، چونکه‌ هه‌میشه‌ خیانه‌تی دۆست له‌ پێشه‌وه‌ی هه‌موو ئه‌و خیانه‌تانه‌وه‌یه‌، دنیا پڕ له‌ سه‌راب ده‌که‌ن و زێرابه‌کانمان وه‌ک شه‌مه‌نده‌فه‌ری جوانی و شه‌مشه‌مه‌کوێره‌، وه‌ک چۆله‌که‌ی ئارامی پێ ده‌ناسێنن، بۆیه‌ به‌ ئازارترین جۆری خیانه‌ت، خیانه‌تی دۆسته‌ به‌رانبه‌ر دۆست، خیانه‌تی جوانییه‌ به‌رانبه‌ری دڵ!

(نیتشه‌) هه‌ستی به‌ کاریگه‌ری ئه‌و خۆبه‌که‌مزانینه‌ کردبوو، که‌ هه‌ندێ جار وا له‌ کۆیله‌ ده‌کات، به‌رانبه‌ری گه‌وره‌که‌ی بوه‌ستێته‌وه‌ و ببێته‌ ڕزگارکه‌ری دنیا. مرۆڤی باڵا که‌ له‌وپه‌ڕی چاکه‌ و خراپه‌یه‌ (خیانه‌تیش وه‌ک دۆخێک له‌ خراپه‌)، گاڵته‌ به‌ هه‌موو تراژیدیایه‌ک ده‌کات، هه‌وڵ ده‌دات منداڵه‌که‌شی باڵا بێت، مرۆڤی باڵا ئامانجه‌ نه‌ک جۆری مرۆڤ، بۆیه‌ ئه‌وانه‌ی وه‌ک توخمێک، یان جۆرێکی مرۆڤ له‌باره‌ی مرۆڤی باڵاوه‌ ده‌دوێن، نه‌یانتوانیوه‌ له‌ جه‌وهه‌ری ئه‌و مرۆڤه‌ بگه‌ن، به‌ڵکوو سه‌رابێک له‌ تێنه‌گه‌یشتن به‌یان ده‌که‌ن، چونکه‌ وه‌ک گوتمان: مرۆڤی باڵا ئامانجه‌ نه‌ک جۆری مرۆڤ، هه‌رکاتێک مرۆڤی باڵا وه‌ک جۆری مرۆڤ بینرا، ئه‌وه‌ له‌ حه‌قیقه‌تی ئه‌و ئامانجه‌ که‌ مرۆڤی باڵایه‌، دوورده‌که‌وینه‌وه‌.

دوورکه‌وتنه‌وه‌ له‌ دۆست له‌به‌ر بوونی به‌رژه‌وه‌ندییه‌ک که‌ له‌نێو هه‌ناسه‌ی دۆستێکی تردا ده‌ست ده‌که‌وێ، خستنه‌ڕووی ته‌رزێکی دیکه‌ی خیانه‌ته‌، ئه‌وه‌ خیانه‌ته‌ وا له‌ که‌سێک ده‌کات واز له‌ هه‌ندێک له‌ دۆستانی بهێنێ، له‌به‌ر ئه‌وه‌ی ئێستا کاری ئه‌و سپارده‌ی که‌سانێک کراوه‌ که‌ له‌ جنسی جوانی نین، چونکه‌ ناکرێ که‌سێک جوان بێت و ببێته‌ به‌شێک له‌ خیانه‌تی که‌سێک به‌رانبه‌ر که‌سێکی تر. ئه‌و دنیا پڕ له‌ خیانه‌ته‌ که‌ شاعیر باسی ده‌کات، تا سنووری گه‌یشتن به‌ خیانه‌تێکی

گەورەتر درێژدەبێتەوە، کە خیانەتی خودە بەرانبەر خود خۆی، واتە ئەو کاتەی ئەو خودە نائومێد دەبێت خیانەت لەوانی تر بکات و دەسەڵاتی ئەوەی نییە وەها خیانەتێک بکات، ناچار خیانەت لە خودی خۆی دەکات و دەبێتە خائینێکی ئەبەدی کە تا کۆتایی ئەو خودە، خیانەتی خود ئیدامە پێ دەدا.

**پاژی سێیەم: خود لەنێوان ئاگر و جیهاندا**

وەک لە پاژی یەکەم و دووەمدا باسی ئەو نائومێدییە مەزنەمان کرد کە شاعیر باسی کرد و بە خیانەت کۆتایی پێ هێنا، ئێستا وێنایەک لە جیهانی ئاگرین دێتە پێشەوە کە خود بەرەو ئاگرستانی ڕوح دەبات و وای لێ دەکات پرسیار لەبارەی ئەو جیهانە پڕ لە ئازارەوە بکات، خۆی تێدا دەبینێتەوە و نمایشی ڕوحی خۆی تێدا دەکات.

**( (هەڵبکە ئەی هەوای ناو سەرم**
**جیهان بخەرە ترسەوە**
**وەک دڵی من کە گڕ دەخوات**
**لە تاو سەرێک کە ئاگرە))**

ئەو هەوایەی شاعیر باسی دەکات، دەبێت کوژێنەرەوەی ئەو جیهانە ترساو و دڵە گڕگرتووەی بێ کە ئاگر ناسنامەیەتی، ناسنامەی گڕ کە بە زمانی ئاگر گوزارشت لە سووتانی خود دەکات و ڕێساکانی تەنیایی بە فڵچەی نائومێدی دەکێشێ و ئازارەکان لە پەنجەرەی ئاوەوە هەڵدەداتە نێو کانیاوی نائومێدییەوە، بۆیە مەسەلەی بوونی سەرێک لە ئاگر دەبێتە چەقی باس و نازانرێ چۆن شاعیر لە سەمت- سیاقی ئەو دڵە پڕ لە گڕە ڕزگار بکرێ، مەگەر بە هاتنی ئەو هەوا فێنک و کوژێنەرەوەیەی کە لە سەری شاعیرەوە سەرچاوە دەگرێ و دەبێتە پێدەشتی کوژاندنەوەی ئەو ئاگرەی هەموو وجوودی شاعیری خستووەتە بەردەمی گریمانەی ئاگر و سووتانەوە، دەستەکانی شاعیری خستووەتە بەردەم دەرگەی فڕین و کەوتنەوە، ڕوحی شاعیری خستووەتە بەردەم ئەستانەی تەنیایی و مردنەوە.

ئەوەی لە شیعرەکەدا دەبینرێ، جۆرێک لە بەزەییهاتنەوەیە بە خوددا. (نیتشە) بەزەییهاتنەوەی دەخستە نێو چوارچێوەی خراپەوە، چونکە پێی وابوو ئەوکاتەی تۆ بەزەییت بە مندا دێتەوە، لەبەر ئەوە نییە منت خۆش دەوێ، بەڵکوو بۆ ئەوە بەزەییت بە مندا دێتەوە، تا ئەو ترسە لە خۆت دووربخەیتەوە و ئەوەی بەسەر من هاتووە، وای نیشان بدەی کە ترسێک نییە ڕووبەڕووی تۆ ببێتەوە، ئەمەش وا دەکات بەزەییت بە مندا بێتەوە، تا ترسی ئەوە لەخۆت دووربخەیتەوە، ئەو شتەی بەسەر من هاتووە، بەسەر تۆش بێت. لای (نیتشە)، ئازار مرۆڤ بەهێز دەکات و پێویستییە، بۆیە بەزەیی بە چوارچێوەی خراپەوە دەبەستەوە، لەو پارچە شیعرەی خوارەوە زیاتر قسە لەسەر ئەم بابەتە دەکەین.

کاتێ مرۆڤ بەزەیی بە ئەوی تردا دێتەوە، بۆچوونی جیاواز لەبارەی ئەو بەزەییەوە دروست دەبێت، بەڵام ئەی بەزەییهاتنەوە بە خوددا واتای چییە، مرۆڤ کاتێ بەزەیی بە خۆیدا دێتەوە نیشانەی چییە؟! نیشانەی بێهێزییەتی، یان نیشانەی ئەوەیە کە حەقیقەتێک لەنێو خوددا هەیە پێویستی بەوە هەیە بۆ ئەوانەی تریش دەربکەوێ؟. سەرچاوەی ئەو بەزەییە، ئازارێکە کە لەوانەی ترەوە گەیشتووە بە خود. شاعیر لە دەرەنجامی ئەو بەزەییەوە، خودێکی بەهێز نمایش دەکات، بەو واتایەی بەزەییهاتنەوە بە خود، وای نەکردووە شاعیر ببێتە کەسێکی بێهێز، بەڵکوو سەرەڕای هەموو ئازار و نائومێدی و خیانەتێک، هێشتا بەدوای هەوایەکدا دەگەڕێ لەنێو سەری خۆیدا کە ئازارەکانی بەکۆتا بێنێت و خەمەکانی بکات بە ئاوازێک بۆ مانەوە و ژیان.

**( (پێشنیاز:**
**لە گەڕان و هەڵهاتن و کەوتن مەترسن..**
**بەیانی هەر وەکوو ئێستایە**
**سەدان بەیانی دێت بەبێ دەنگی کەڵەشێر**

**من زۆرم دیون لەو بەیانییە بێمروەتانە**
**ئیتر خۆم کاتێکم ناولێناوە بەیانی.))**

لە کۆتایی گەشتەکەیدا، شاعیر دەیەوێ پێمان بڵێ کە لەو ژیانە ماندووکەرە، مادام هەموو شتەکان دووبارەن، کەواتە ئازارەکانیش دووبارەن، ئازاری دووبارەش شایانی ئەوە نییە لێی بترسی، بەڵکوو دەبێت بە پەڕەمووچی هیچ لەسەر کاغەزێکی لە هیچ وێنای بکێشرێ، ترسانیش لە هەڵهاتن و کەوتن، لە کاتێکدا کە بەیانی هەر وەکوو ئێستایە و کەڵەشێرێک نییە بقووقێنێ، ئیتر دەبەنگییە، بەڵکوو دەبێت مرۆڤ خۆی کاتێک بدۆزێتەوە ناوی بنێ بەیانی و شەوێک بدۆزێتەوە ناوی بنێ شەو و ڕابوردوویەک بدۆزێتەوە ناوی بنێ دوێنێ، مادام خەڵکی لە دەنگی کەڵەشێر دەترسن، کەواتە هاتنی بەیانی بۆ ئەو ترسنۆکانە سوودی نییە، وەک دەگوترێ: بۆیە خەڵکی زیاتر حەز لە مریشک دەکەن نەک کەڵەشێر، چونکە خەڵکی بەدوای ئەو شتەوەیە سکیان تێر دەکات، نەک ئەو شتەی خەبەریان دەکاتەوە.

وەک گوتمان (نیتشە) بەردەوام لەگەڵ ئەو بۆچوونە بوو کە ئازار مرۆڤ بەهێز دەکات، بۆیە مانەوەی ئازاری لەگەڵ مرۆڤ وەک پێویستییەک، بە گەورە دەزانی، ئەو پێی وابوو مادام ئازار مرۆڤ بەهێز دەکات، کەواتە پێویستە ڕووبەڕووی ببینەوە، ئەمەش پێچەوانەی دیدگەی (شۆپنهاوەر) بوو کە ئەمیان ئازاری وەک پێویستییەک نەدەبینی، ئەگەرچی لە سەرەتادا (نیتشە) و (واگنەر) ی هاوڕێی هەردووکیان لەژێر کاریگەری دیدگە فەلسەفییەکانی (شۆپنهاوەر) بوون، بەڵام دواتر بابەت و تێڕوانینەکانیان دەبەنە نێو قاڵبێکی دیکەوە و لە کۆمەڵێک ڕوانگەوە بۆچوونەکانی (نیتشە) دژی بۆچوونەکانی (شۆپنهاوەر) دەوەستنەوە، یەکێک لەو مەسەلانە بابەتی ئازارە کە هەمیشە (نیتشە) پێی وابوو ئازار پێویستییە، نەک سزایەک بێت تووشمان هاتبێت، بۆیە مرۆڤی بەهێز لەگەڵ ئازار دەجەنگێ.

شاعیر لەم شیعرەدا، ئازارەکانی دەبەستێتەوە بە عەقڵەوە. پێوەندی نێوان عەقڵ و حەقیقەت پێوەندییەکی سروشتییە و دەستکرد نییە، ئەو پێوەندییە پەیوەستە بە بیرکردنەوەوە. دنیای عەقڵ لە حەقیقەت دەگەڕێ و دەدوێ، ئەوجا ئەو حەقیقەتە لە شەقامی (وەهمەکان)دا پیاسە بکات، یان لە شۆستەی (واقیع)دا، گرنگ حەقیقەتێک هەیە و واتا عەقڵییەکانی لە خۆیدا مەڵاس داوە، یان دەکرێ بڵێین، عەقڵێک هەیە و ماناکانی حەقیقەتی لە خۆیدا مەڵاس داوە. دنیای عەقڵ، دنیای وردبوونەوەیە لە واقیع و وەهم و دیار و نادیار و گشت و بەراوردکردنی ئەو گشتە لەگەڵ هیچ و درێژکردنەوەی کردارەکان تا ئاستی گەیشتن بە ئەنجام. ئەو کاتەی عەقڵ زۆرترین پرسیار لەدوای خۆی بەجێ دێڵێ، سەلماندنی سەرکەوتنی عەقڵەکە ئاسان ناکەوێتەوە. بەشێک لە پرسیارەکان، هەڵگری وەڵامەکانن لەنێو خۆیاندا و بەشێکی تریان دۆزەرەوەی پرسیاری زیاتر و بنیادنەری وەڵامی زیاترن.

**ئایا شاعیر لەم دەقەیدا پرسیارەکانی لە کوێوە سەرچاوە دەگرن؟**

پرسیاری مرۆڤ بەرهەمی ونبوونی حەقیقەتێک، یان شتێکە، دەشێ ئەو حەقیقەتە ونە بوونی هەبێ، بەڵام کەسی پرسیارکەر کە لەو حەقیقەتە، یان لەو شتە دوورە، لە دەرەنجامی ونبوون ئەو شتەی بەدوایدا دەگەڕێ، تووشی گومان هاتووە، بۆیە دەیەوێ لە ڕێگەی پرسیارکردنەوە، ئەو گومانە لە خۆی دووربخاتەوە. پرسیارەکان لە ئانی بوونی ناکۆکی فیکریدا دەست لە ملی وەڵامەکان ناکەن، یانی کاتی ئاشتبوونەوەی پرسیار و وەڵامەکان بە کێشە فیکرییەکانەوە پەیوەست نییە، لەوانەیە بوونی کێشەی فیکری زیاتر، گومانی زیاتر و پرسیاری زیاتر دروست بکەن، بەڵام بە وەڵامی کەمترەوە .

**ئەنجام:**

(سڵاو لە بیکێت)ی (داستان بەرزان)، هەوڵێکە بۆ دەرخستنی نهێنییە شاراوەکانی خود و داماڵینی ئەو دیوە کرێت و درێوەی هەمیشە وەک جەوهەر نمایش کراوە. شاعیر گەرەکیەتی نهێنییەکان ئاشکرا بکات، نهێنییە خودییەکان کە ئازاری هەمیشەیین و هاوزەمان لەخۆگری ئەو پرسیارە گەورانەن، مرۆڤ دەیەوێ نمایشیان بکات و بیانکاتە کەرەستەیەک بۆ خزانە نێو باوەشی ئاسوودەیی و حەقیقەتی ژیان، حەقیقەتێک بە هەمان فلچەی ئەو وەهمە نەخشێنراوە کە کراوە بە هۆکاری مانەوە و بوون، بوونێک کە وەهمە و درۆیەکی دیکەی ژیانە، بۆ ڕزگاربوون لەو درۆ گەورەیە کە ناوی ژیانە، شاعیر وزەی زیاتر کۆدەکاتەوە، لە ڕێگەی ناسینی زیاتری خود و ئەوی تر و گەردوون و خودا.

**سەرنج:**

ئەو شیعرەی داستان بەرزان، لە ژمارە (٣٢١)ی گۆڤاری (ڕامان)دا بڵاوبووەتەوە، بۆ خوێندنەوەی تەواوی شیعرەکە، دەتوانن بگەڕێنەوە بۆ گۆڤارەکە.

**پەراوێزەکان:**

(١) فەیلەسووفێکی ئەڵمانییە کە (وەهای گوت زەردەشت) لە دیارترین کتێبەکانیەتی، لە چوار بەش پێکهاتووە، بە دەربڕینێکی شاعیرانە نووسراوە. (نیتشە) لەم کتێبەدا، هەوڵی تێکشکاندنی خاچی دا. کورتەی کتێبەکە ئەوەیە کە (زەردەشت) دوای دە ساڵ گۆشەگیری، لە ئەشکەوت دێتە دەرەوە.

(٢) فەیلەسووفێکی ئەڵمانییە، پێی وابوو ئەوەی کە لەم ژینە فەرمانڕەوایی دەکات، عەقڵ نییە، بەڵکوو ئیرادەیەکی وەحشییە کە عەقڵ بۆ گشت مەبەستە ڕەشەکانی خۆی بەکاردەهێنێ، ئەو ئیرادەیە ڕیشەی بوونە و هەموو نەهامەتییەکانی ژیان، لەوەوە سەرچاوە دەگرن. ئایدیالیستی تەواو نەبوو، هیچ کەس وەک ئەو ڕەخنەی لە مەتریالیزم نەگرتووە. ئیرادە بە کات و شوێنەوەپەیوەست نییە، واتە خودی هەبوونە و لە دەرەوەی کات و شوێنە، کەواتە تاک و تەنیایە، هەرچەند پلەی بوونەوەر نزم بێت، ئیرادە هێندەی تر بەسەر بوونیدا زاڵە، بۆیە کرداری ئاژەڵەکان، هەمووی ئیرادەیە، کرداری مرۆڤەکان هەندێکی بە عەقڵەوە پێچراوە، تەنیا کرداری مرۆڤە بەرزەکانە کە زیاتر لەسەر بنەمای عەقڵە نەک ئیرادە.

(٣) لە ئەڵمانیا لە دژی پاپا شۆڕشی کرد و چەندان چاکسازی دروست کرد کە بووە هۆی دروستبوونی ئایینی پرۆتستانت. جەختی لەسەر وازهێنان لە گۆشەگیری کردەوە. زەواج لە مەسیحیەتی ڕاستەقینەدا، بێجگە لە گونجانێکی سەپێنراوی مرۆڤ لەگەڵ سروشتە تاوانبارەکەی خۆی، زیاتر نییە، بەڵام مارتن لۆتەر هاوسەرگیری بە جوان و پیرۆز دانا.

**سەرچاوەکان:**


١: سڵاو لە بیکێت، داستان بەرزان، ژمارە (٣٢١)ی گۆڤاری ڕامان.

٢: چیرۆکی ئایینەکان، سلێمان مەزهەر، و: لوقمان حاجی قادر

٣: فەلسەفە بۆ ئەو کەسەی دەیەوێت، د. نەبیل عبدالحمید عبدالجبار، و: هاوار محەمەد ڕەشید

٤: سەفەر بەرەو منالی بە کەشتیی گەورەبوون، بڵند باجەلان، ژمارە (٦٩- ٧٠)ی گۆڤاری گەلاوێژی نوێ.

٥: فەلسەفە و ژیان، فارووق ڕەفیق، سلێمانی، ٢٠٠٩